# گرنگی پۆشاکی شەرعی بۆ ئافرەتی موسوڵمان

خوشکتان:
م.ئاسودە بایز وە سمرا أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

لە ڕاستیدا خوای گەورە و پەروەردگار کەپێغەمبەری (ﷺ) ناردووە وەکو ڕێ پیشاندەر بۆ دینی ڕەهاو ڕاستەقینە بۆ ئەوەی کە خەڵك لە تاریکیەکان ڕزگار بکات بۆ بەدیهێنانی تەنهاپەرستی خوای گەورە بە ئەوپەری مل کەچ بونەوە لەهەموو فەرمان پێکراوو ڕێ لێگیراوێکدا ، وە پێش خستنی ئەو بەندایەتی یە لەسەر هەواو ئارەزووی نەفس . وە هەروەها نێردراوە بۆ تەواوکردنی هەموو ڕەوشتێکی بەرزو جوان و تێکدەریش بۆ هەموو ڕەوشتێکی ناشیاوو نارێك .

ڕێبازەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەو پەڕی تەواوەتی وبێ کەموو کوڕی دایە لە هەموو لایەنێکەوە وە بێ‌پێویستە لەوەی دروستکراوێك (مرۆڤێك) بە بیرو بۆچونە سنور دراوەکەی، هەوڵی ڕێك خستنی یان تەواو کردنی بدات " چونکە نێردراوە لە لایەن خوای داناو کاربەجێ کەتەنهاخۆی بەرژەوەندی بەندەکانی دەزانێ.یەکێك لە فەرمان پێکراوە پێویستکراوەکان بەدەقی ( قورئان وسوننەت ) بریتییە لە خۆداپۆشینی ئافرەتی موسولمان، بە داخێکی زۆرەوە ئەمڕۆ دەبینین زۆربەی خوشکان و دایکان و کچانمان پشتیان کردۆتە فەرمانەکەی خواو پێغەمبەر ﷺ ، لە کاتێدا کە بەختەوەری و ئاسودەیی و سەربەرزی و کامەرانییان لە وەلامدانەوەی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ دایە، وەك پەروەردگار فەرمویەتی :

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ)[1]

(مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ)[2]

بەڵام بەپێچەوانەوە کۆمەڵێك لە ئافرەتانمان وەڵامی بانگەوازەکانی سەر شۆری زەرەرمەندییان داوەتەوەوشوێن ئارەزوی نەفس و شەیتانەکانی جنۆکەو ئینسان (شياطين الإنس و الجنّ) کەوتون وە پۆشاکی شەرع و ئابڕویان وەلاناوە بۆ پۆشاکی بێ باوەڕانی ڕوژئاوا بە بیانوی چەند دروشم و ناوێك کە جگە لە وتەی بریقەدارو کەفی سەرئاو و خۆ خەڵەتاندن و گەنج چەواشەکردن و کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر بردن هیچی تر نیە !

**چونکە نە پێشکەوتن و ڕزگاری و شارستانیەت بە جل وبەرگ و ڕوتی و بەرەڵایی وعاداتی بێ باوەڕانە . وە نە دواکەوتن و ژێردەستەییش بە پۆشاکی ئابڕو و شەرعی ئیسلامە .**

بۆیە" پێویستە بەخۆماندا بچینەوەو مەرجەکانی پۆشاکی شەرعی لەخۆماندا بهێنینەدی.

وە لێرەدا بە کورتی لە چەند خاڵێکدا مەرجەکان دەخەمەوە یادی خوشکانم بە ئومێدی بیرکردنەوەو سود وەرگرتن لێیان وە وازهێنان لە ڕوتی پۆشاکی مۆدێرن وەمن خوازیاری ئەوە نیم خوشکانی هاو نەتەوەم ڕەسەنایەتی داب و نەریتە جوانە شەرعیەکەی دایك ودایپرانمان فرێبدەن

بەڵکو دەڵێم کەئێمە بە خۆشحاڵی یەوە دەڵێین کوردین با عادەتە بەرزە ڕەسەنەکانمان نەگۆڕینەوە بە داب و نەریتی ڕوخاوو داڕزاوو بۆگەنی بێباوەڕ و بەد ڕەوشتان

---

[1] ( الأنفال:٢٤). واتە :ئەی بڕواداران وەڵامی خواو **پێغەمبەر** ﷺ بدەنەوە کاتێك بانگیان کردن بۆ هەر شتێك " چونکە بانگەوازی خواو **پێغەمبەر** ﷺ مایەی ژیانی ڕاستەقینەیە بۆ ئێوە. وە بەختەوەری ئێوە تەنها لەوەدایە.

[2] (النحل:٩٧). واتە : هەر پیاوو ئافرەتێکی ئیماندار، وەڵامی داواکاری خواو **پێغەمبەر** ﷺ بدەنەوەو کردەوەی چاك بکەن ئەوە ئێمە- واتە ﷻ - دەیژیەنین ژیانێکی باش وچاك وپاك، وە پاداشتیشی دەدەینەوە بەگوێرەی چاکترینی کردەوەکانی.

## مەرجەکانی پۆشاکی شەرعی

١/ پێویستە پۆشاکەکە هەمووڵەش داپۆشێت بەبێ جیاوازی ، وەکو داپۆشینی پێکان وهەردوو باسك و سەر و سینگ . وەك پەروەردگار فەرمویەتی :

(وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْأِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعاً أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ)[٣]

٢/ دەبێت پۆشاکەکە سەرنج ڕاکێش نەبێت ، بەشێوەیەك کەنەخش ونیگار و بریقەدار کراو نەبێت.

٣/ پێویستە ئەستور بێت، واتە وا تەنك نەبێت کە لاشەی تێدا دیاربێت.

٤/ پێویستە فراوان بێت وتەسك نەبێت شێوەی لەش دەربخات وببێتە هۆی تاوان.

٥/ نابێت بۆن خۆش کرابێت .

٦/ نابێت لە پۆشاکی پیاوان بچێت .

٧/ لەیەکچو نەبێت لەگەڵ پۆشاکی کافران و خوا نەناسان ، وەکو ئەوەی کورت بێت بۆنموونە.

٨/ پۆشاکێك نەبێت یەکجار گران بەها و دیار بێت، بۆ دەرکردنی ناوبانگ و خۆ ناساندن.چونکە دەبێتە مایەی ڕیسوایی‌و پۆشاکی ئاگرین لەڕۆژی زیندوبونەوەدا.

لە کۆتاییدا " خوشکی موسڵمان لەخوا بترسە وچاودێری بکە، وە بزانە کە ئەمڕۆ کاردەکەیت و موحاسەبەت لەگەڵ ناکرێ، بەڵام بەیانی موحاسەبەیە بەبێ دەرفەت مانی ئەنجامدانی کار .

وە هەموو شتێکی بەنرخ، وەکو مروارییەك ئەگەر بزر بێت یان لەناویش بچێت شوێنی پڕ دەکرێتەوە تەنها تۆ نەبیت کە شوێنت بەهیچ ناگیرێتەوە .

ئەی ئەو خوشکەی ستەمت لەخۆت کردوە، فریو مەخۆ ( مەخەڵەتێ ) بە

[٣] (النور: ٣١)

ئافرەتانی بێ ئابڕو ( بێ شەرم ) و هاو شێوەکانیان چونکە خوای گەورە لە بارەیانەوە دەفەرموێت :

(وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيراً مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لَا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ) [٤]

واتە:لەڕاستیدا ئەوان تەنها وەکو ئاژەڵ وان بەڵکو گومڕا تریشن لە ئاژەڵ وە ئەوان ئەهلی ئاگرن).

پێش ئەوەی سەرپێچی خوا بکەیت بیر بکەوە و (لەیادت بێ) کەمی ژیانی دونیا و خێرایی بە سەرچوونی.

کەمبونەوەی تەمەن و بێ ئەمەکی و تاسەرنەبوونی بۆ هیچ کەسێك.

بڕوانە کەسانی عاشقی دونیا چۆن بێ هۆش و ( بێئاگان ) لە دەوریدا بە خواردنەوەی تاڵی و سزای جۆراو جۆر کەمێك ڕادەبوێرن و پیدەکەنن بەڵام دەرەنجام زۆر دەگرین و بێهیوا دەبن.

خوای بەخشندە هیدایەتمان بدات.

عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت فەرموی :

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : (لايقبل الله صلاة حائض الا بخمار )[١].

واتا : (پەروەردگار نوێژی هیچ ئافرەتێکی بالغ وەرناگرێت بەسەرپۆشەوە نەبێت ).

وە عوبەیدوڵڵای خەولانی فەرمویەتی: (كانت ميمونة – زوج النبي ﷺ – تصلي في الدرع الواحد و الخمار، وليس عليها إزار)[٢].

واتا:میمونة –خێزانی پێغەمبەر ﷺ– نوێژی دەکرد بەسەرپۆشەوە و لە تەنها یەك کراسی درێژی سەر تا پاوە. بێ ئەوەی پۆشاکێکی تری تایبەت بە ژێرەوەی لەبەر بێت.

کەواتە دروست نییە ئافرەت لەم شێوەیە کەم تری لەبەر بێت بۆ نوێژ.

بەڵام ئەگەر زیاتر لەم شێوەیە بپۆشێت ، واتە سەرەڕای لەچەك و کراسە درێژە سەر تا پایەکەی ئیزارێکیش بکاتە بەری ، واتە لەناوەڕاستییەوە بۆ ژێرەوەی شتێکی تریش بکاتە بەر ئەوە باشترە ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :( تُصلي المرأة في ثلاثة أثواب: درعٍ و خمارٍ و إزارٍ ) البيهقي بسند صحيح. وتمام المنة: ١٦٢ [سَمْراء]

---

[١] صحيح أبي داود ٥٩٦

[٢] مالك في الموطأ ، تمام المنة ص١٦٢.

[٤] الأعراف:١٧٩